# کۆکردنەوەی نیەت بەمەبەستی گرتنی ڕۆژووی شەوال و ڕۆژە سپیەکان ( الايام البيض )

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز


2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم الجمع في النية بين صيام الأيام البيض وصيام الست من شوال

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# کۆکردنەوەی نیەت بەمەبەستی گرتنی ڕۆژووی شەوال و ڕۆژە سپیەکان ( الایام البیض )

**پرسیار** : ئەو کەسەی کە سێ ڕۆژی مانگی شەوال بگرێت لە هەمان کاتدا نیەتی گرتنی ڕۆژووی ڕۆژە سپیەکان ( الایام البیض ) بهێنێت، ئایا فەزڵێ هەردووکیان بەدەست دەهێنێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

لەم بارەیەوە پرسیار کرا لە شیخ عبدالعزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بەڕێزیان لەوەڵامدا ووتیان : ئومێدی ئەوە دەکرێت کە فەزڵی هەردووکیان بەدەست بهێنێت، چونکە ئەوە ڕاستە کە ڕۆژووی شەشەڵانی گرتووە، لە هەمان کاتدا ڕاستیشە کە ڕۆژووی ڕۆژە سپیەکانی گرتووە، - چونکە ڕۆژەکەی لەو ڕۆژانەدا بوە کە پێیان دەوترێت ( الایام البیض ) - فەزڵێ خوای گەورەش زۆر زۆر فراوانە.

لە بارەی هەمان مەسئەلەوە شێخ محمد بن صالح العثیمین وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و ووتویەتی: بەڵێ، ئەگەر هاتوو ڕۆژووی شەش ڕۆژەکەی شەوالی گرت ڕۆژووی ڕۆژە سپیەکانی

لەسەر دەکەوێت، جا ئەگەر هاتوو پێش سێ ڕۆژی ڕۆژە سپیەکانیش بوو، یان دوای ئەوان، چونکە ئەو کەسە ڕاستی کردووە لەوەی کە لەهەر مانگێکدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بووە، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش (خوای لێ ڕازی بێت )ووتویەتی : « كان النبي صلى الله عليه وسلم يصوم ثلاثة أيام من كل شهر لا يبالي أصامها من أول الشهر أو وسطه أو آخره » واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەهەر مانگێك سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو، ئیتر گرنگ نەبوو بەلایەوە لەسەرەتاوە بەڕۆژوو بێت، یان لە ناوەڕاستی مانگەوە، یان لەکۆتاییەکەیەوە.

ئەمەش ڕاست ودروست وەك ئەو کەسە وایە کە ڕۆشتە ناو مزگەوتەوە بە نیەتی سوننەتی ( تحية المسجد = نوێژی سڵاوکردن لە مزگەوت ) و سونەتی پێش نوێژی نوێژە فەرزەکان دوو ڕکات نوێژ بکات، پاداشتی هەردوو سوننەتەکەی بۆ دەنوسرێت، خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .